السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# حاڵ وباروگوزەرانتان لەو شتانەیە کە تووشی نیگەرانی کردووم لە پاش خۆم، وکەس ناتوانێت ئارام بگرێت لەسەرتان؛ تەنها ئەوانەی لەڕاستیدا ئارامگرن

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «حاڵ وباروگوزەرانتان لەو شتانەیە کە تووشی نیگەرانی کردووم لە پاش خۆم (پاش مردنم)، وکەس ناتوانێت ئارام بگرێت لەسەرتان (بۆ پەیداکردنی پێداویستیەکانی ژیانتان)؛ تەنها ئەوانە نەبێت لەڕاستیدا ئارامگرن»، پاشان عائیشە (بە ئەبو سەلەمە) دەڵێت: خوای گەورە خواردنەوە لە سەلسەبیلی بەهەشت ببەخشێت بە باوکت، مەبەستی عبد الرحمان کوڕی عەوفە؛ چونکە موڵکێکی (باخێکی) بەخشی بە خێزانەکانی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم-، دەووترێت: فرۆشرا بە چل هەزار (دینار).

[حەسەنە] [تورمۆزی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئەبو سەلەمە کوڕی عبدالرحمان کوڕی عەوف -ڕەحمەتی خوای لێبێت- لە عائیشەوە دەیگێڕێتەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- بە خێزانەکانی فەرمووی: حاڵ وباروگوزەرانتان لەو شتانەیە کە تووشی غەم ونیگەرانی کردووم لە پاش مردنم، چونکە هیچ میراتێکم بۆ ئێوە جێنەهێشتووە، وکەس ناتوانێت ئارام بگرێت لەسەر پەیداکردنی پێداویستیەکانی ژیانتان؛ تەنها ئەوانە نەبێت لەڕاستیدا ئارامگرن، پاشان عائیشە بە ئەبو سەلەمەی ووت: خوای گەورە خواردنەوە لە ڕووباری سەلسەبیلی بەهەشت ببەخشێت بە باوکت، مەبەستی عبد الرحمان کوڕی عەوفە -ڕەزای خوای لێبێت-؛ چونکە عبد الرحمان موڵکێکی (باخێکی) بەخشی بە خێزانەکانی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم-، فرۆشرا بە چل هەزار دینار.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11196